# بەیت لە بەستێنی رەخنەی هێرمنۆتیکی دا

محەممەد تەرەغە

« ئالبێرتیبودە لە فیزیولۆژی رەخنە دا،باسیسێ رەخنەیجیاواز دەکاو ئاوا ناویان دەبا:
رەخنەیزارەکی،رەخنەیحیرفەیی ورەخنەی هونەرمەندانە. مەبەستی تیبودە لە رەخنەی زارەکی(شفاهی)نوسراوەی رۆژانەونامە لێکتر نووسین و دەگەڵیەکتر دیالۆگ کردن و هەروەها کاری رۆژنامەوانیش دەخاتەپاڵئەوانەوە.رەخنەیحیرفەییبەکاری ماموستایانی رەخنە دەزانێوبەتایبەت ئەوکەسانەی کە لە کاری رۆژنامەوانی دا سەرناکەون. بەڵام سێهەم رەخنەیکەتیبودە باسی دەکا،رەخنەیهونەرمەندانەیە.رەخنەی هونەرمەندانە لە روانگەی تیبودەوە،ئەو رەخنەیەیە کە هەموو مێژووی ئەدەبیات دەگرێتەوە. ئەو ئەم جۆرە رەخنەیەلەسێ خاڵدا ئاواکورت دەکاتەوە:
1)ئەمجۆرە رەخنەیە،ئەوروانگەیەکەتایبەتەکانی نوسەرو هەروەها لایەنی جوانی ناسی و بۆتیقایخوێنەر تاووتۆێدەکا،بەشوێن ئەوە دا بەئاوێتەکردن و رەنگ دانەوەی هەمووی ئەوانە لە بەرهەمی کەسانیتریش دەکۆڵێتەوە.
2)ئەوکەسانەی کە هەرجارناجارێك ولەماوەی چەند حەوتوویەك وبەگشتی زۆر بە دەگمەن وتارێکی رەخنەییو تۆژینەوەییدەنوسن و زۆر جارکەسێکی نزیکی خۆیان یا یەکێك لە قوتابیانی خۆیان دەناسێنن. 3)رەخنەی هونەرمەندانە بە بەرهەمێکی هونەری دەزانێو پێیوایەکە ئەم رەخنەیەساغ کردنەوەی شێوازێکەبە یارمەتی شێوازێکیتر و گۆڕانیزمانێکە بۆزمانێکیتر.«1*
بیروڕاکانی تیبودە لانیکەم ئەمڕۆکەلەئەدەبیکوردیورەخنەیئەم ئەدەبیاتە دا رەنگدانەوەی زۆری هەیە.کەوایە دەکرێبڵێین دەردێکی هاوبەش ئەدەبیاتی وەژان خستووە.لێرەدایە کە دەم ودەست پرسیارێك زەق دەبێتەوەکە ئەگەرشتێکمان بە ناوی ئەدەبیات هەبێ،بێرنەهادیبەرانبەری ئەوبێگومان رەخنەیە.یا بە وتەی تریئیگلتۆن »هەرکە باسی رەخنە دێتەگۆڕێ،شتێکیئاشکرایە کە دەبێشتێکمان بە نێوی ئەدەبیات هەبێ،هەتا رەخنەیاگریمانەی ئەدەبیات بێتە باس کرن.«2
ئەمە راستە کە بۆئینسان بوون دەبێ ئینسان بی،بۆرەخنە گرتن دەبێ،رەخنەگر بی،بۆرەخنەگریش دەبێدەق بی.بەڵام بە هەمووی ئەوانەوە،رەخنەی ئەدەبی هەروڵاتێك لە ئەدەبیاتی ئەم وڵاتەوە سەر چاوە دەگرێ.کە وابوو رەخنە پێبە پێی دەق،بوونیخۆی دەسەلمێنێ.ئەگەرئەدەبیات، تا دوێنێ،لەچوار چێوەی پێناسەیەکیبەرتەسك دا لە ناو مێشکی ئەدیبان دا مایەی بەست بوو،رەخنەش مافی خۆیبووکە لەئاستی نوسینی رۆژانەو دیالۆگ دا بمێنێتەوە.بەڵام ئەمڕۆکە دنیای زانست و دیاریەکانی دنیای زانست تەواو لە ناو خۆیدا گرمۆڵەیکردووین و بمانهەوێو نەمانهەوێ،هەڵیبژاردووین.ئەم هەڵبژرادنە، هەر لە کردەوەی رۆژانەوە بگرە،هەتا دەگاتە هەست و نەستی دنیای ئەدەبی، رەنگدانەوەیەکیبەرچاوی بووە.هەربۆیە بەخێرایی هەمووسنورەکانی پەرژین و بەرتەسك بوونەوە،هەڵبڕان و رەهەندەکانی ناخ روویان بە رووی ئەدەبیات دا کراوە.کە لایەنیەکیئەم رەهەندەناخیانە، زەقکردنەوەی ئاستی زمان وچۆنیەتیکەڵك وەرگرتن لە زمان بوو.لەم پێوەندیەدا یاکووبسێن،دەڵێ:» ئەدەبیات،نیشاندەری، تێکەڵکردن،ورێکخستنیقسەی،ئاساییە «3.
بێگومان قۆناخەکانیرەخنەی زانستیش هەر لەو سەردەمانەوەسەری هەڵدا.کەوایە هەتا ئەدەبیاتێکی زیندوو بوونی خۆینەسەلمێنێ،رەخنە مانا بەخۆیەوە ناگرێ.بەڵام ئێستا دەگەڵدووپرسیاری زۆر گرینگ رووبەڕوودەبینەوە: یەکەم ئەوەیکەئاخۆشتێکمان بەنێوی ئەدەبیات هەبووەو هەیە؟ئەگەر وایە؟ئەدیرەخنە چی؟ وەڵام دانەوە بەم پرسیارانە قوڵتروریشەییتر لەوەیە کە لە وتارێك دا جێیببێتەوە.بەڵام سەرەڕای ئەوەش،بەیتی کوردی

وەکوو دەقێک،دەکرێببێتە هەوێنێک بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارانە.بەیت وەکووژانرێکیئەدەبی،بەپێچەوانەی ژانرگەلێکی وەك رۆمان و چیرۆك وشێعر،بەستراوەتەوە بە بێژەرەکەی.واتە ئاستی مانادان و چێژوەرگرتنی بەیت،هەربەیت بێژە.رەنگە وەها شتێك لە ئەدەبیاتی ئێستا دا نەبیندرێ،بەڵام شتی‌لەمایەی ئەوەدا لە دەقگەلی کۆن دا هەیە.»لە کتێبی عەهدی نوێدا، رەساڵەکانی »پولس رسول«کە رووی‌لەرۆمیەکانە،ئاوا نوسراون،کە دەبێ‌بەدەنگی بەرز بخوێندرێنەوە«4.لەیەکێك لەمەزامیرەکانی‌مانی-یش‌دا هاتووە:
»هەرکەسێ‌مەزموورێ‌بەدەنگ بخوێنێ/وەك ئەوکەسەوایەتاجە گوڵینەدەچنێ/ئەوانەی کە بۆشی دەستێنەوە،وەك ئەوکەسانەن کە گوڵی‌سوور دەنێنە دەستیان.«5 هەروەهاهەموو دەقەکۆنەکان‌لەوانە شێعر دەگەڵ
مۆسیقا دەگوترا،هەربەوبۆنەوە،بێ‌مۆسیقا ئەم جۆرەی کە پێویستە نەیاندەتوانی،وەك دەقێکی سەربەخۆخۆیان بسەلمێنن.
بەیتەکان لەدەمی بەیت بێژەوە،مانا و هەستی تایبەت و لە ئاکام دا کاریگەری تایبەتی خۆیان لە سەر بیسەر هەیە.چونکە لەراستی‌دا بەیت بێژبەپێی هەلومەرجی مۆسیقای بەیتەکە،بەپێی‌دەورگێرانی قارەمانەکانی بەیتەکە،بەپێی هەڵکشان وداکشانی ئاستی‌لایەنی‌غەنایی لەبەیتەکەدا،بەیتەکەی دەگووت،کەلەراستی‌دابەیت بێژ بەم جۆرە گوتنە تایبەتەوە،بەجۆرێك بەیتەکەی بۆ بیسەر تەئویل یا ئازەنتی دەکرد وسەرەڕایی ئەوەی‌کە ئاسۆکانی بەیتی‌دەگەڵ‌دەقی‌ئەدەبی‌یەك دەخستەوە، بیسەریشی دەگەڵ‌لایەنە نەدیارەکانی‌بەیتەکە بەشدار دەکرد. ئەمجۆرەشفاهی‌خوێندنەوەیە،یابەگشتی ئەم تەئویل و ئازەنتی‌کردنە،لەرەخنەی هاوچەرخدا بەهێرمنوتیك دەناسرێتەوە کە ئەمڕۆکە،ئاسۆکانی دەگەڵ‌فەلسەفە تێکەڵ‌بوونەوە .بەڵام ئەوە بەو مانایە نی‌یە کە ئەم باسە لەروانگەی هیرمنوتیکی‌فەلسەفیەوە تیشك دەخاتە سەربەیتەکان،بەڵکوو تەنیا لەو رەگەزەهیرمنوتیکیانەی کە لە بەیتەکان دابەدی‌دەکرێ، دەکۆڵێتەوە . یا هەمان قۆناخی‌سێهەمی تیبودە واتە ساغکردنەوەی شێوازێکی‌ئەدەبی‌بە یارمەتی شێوازێکی‌تروگۆڕانی زمانێك بۆزمانێکی‌تر. تیشکێك بەسەر هێرمنوتیك داوپێوەندی ئەو دەگەڵ زەندیك وگووسان** دا:
هێرمنوتیك وشەیەکی‌یونانی‌یە کە واوێدەچێ‌لەوشەی‌هێرمینویین وەرگیرابێ‌کە رەچەڵەك ناسان بە تەئویل کردن و راڤەکردن وەریانگێڕاوەتەوە.یالەهێرمنیاکەبەمانای‌تەئویل و راڤەیە.هەروەها ئەم بۆچونەش هەیە کە رەنگە لە هێرمیس،راسپاردە و پەیام هێنەری خوداکان وەرگیرابێ،ئەو دوو لەفزەبەلێشاو لە دەقەکانی یونانی‌کۆن دا دەبیندرێ،بەتایبەت ئەرەستوو کە ئەرغنوونی خۆی بۆ تەرخان کرد. کەوابوو هەرچەند لە سەدەی حەڤدە بەدواوەوشەی هێرمنوتیك بوو بە باو،بەڵام راڤەکردنی دەق و روانگەکانی‌تەئویلی ئایینی،ئەدەبی و حقووقی هەڵدەگەڕتەوە بۆسەردەمایی‌کۆن.بەڵام ئەگەر ساکارانەترپێناسەی‌بکەین، هەرخوێندنەوەیەك لە روانگەی خۆمانەوە،لەراستی‌دا رەگ و ریشەی لە تەئویل دا هەیە.بە گشتی تەئویل هەموو کارەکانی ئێمە لە جیهان دا دەگرێتەوە.لەبەیانیەوە کە لە خەو هەڵدەستین و کاروباری رۆژانەمان دەس پێ‌دەکەین،لەراستی‌دا کاروباری‌تەئویلمان دەست پێ‌کردووە.بەکورتی،کاتێ‌بەردەوام لەبیری دۆزینەوەی چۆنیەتی‌ژیان و لایەنەنادیارەکانی ئەو داین،بەگشتی بەردەوام لەحاڵی‌تەئویل وراڤەکردنین. هاودەنگ دەکەڵ جانی واتیمۆ:»هەرشتێك کەئێمە ئەزموونی دەکەین،نەزۆرترلەتەئویلێکە و نە کەمتریشە،شتەکانی جیهان بەردەوام لە قالبی بایخە زەینیەکانی ئێمە دا تەئویل دەبن.بەمشێوەیە تاکەجیهانێك کەدەتوانین بیناسین، جیهانی جیاوازیەکانە،واتە جیهانی تەئویلەکانە«.6 بەم پێ‌یەدەکرێ‌بڵێین کە هێرمنوتیك شتێکی هاوبەشە لە ئەدەبیاتی وڵاتان دا.بەڵام ئاستی ئەو هابەشی‌یە دەکرێ جیاوازی هەبێ.لەدەقگەلی کۆنی ئێرانیش دا ئێمە دەگەڵ زاراوەیەك بە ناوی »زەند« رووبەرووەدەبینەوە،سەرچاوەی وشەی »زەند« دەگەرێتەوە سەر زمانی پالەوی و لە وشەی » زانستن«(زانین)وەرگیراوەبە وتەی مەلەکوشوعەرای بەهار

ئازەنتی لە زەندەوە دێت.زەند دەقگەلی ئاویستایی بوون،کە هاوکات دەگەڵ پاچڤانی و ئازەنتی کردنیان بە زمانی پالەوی،لە لایان کەسانێك بە ناوی زەندیك یا زەندیق-وەئەنجام دەدرا«
7.(ئەم زاراوەیە لەلایان موسوڵمانەکان، بەو کەسایەتیانەدرابوون.ئەم زاراوەیە بەرلەهەر شتێك بەمانای گەندەڵی ئەخلاقیو هەوسار پچڕاویوخودا نەناسییە،کە هەروەك گوتمان موسوڵمانەکان بۆلایەنگرانی مانەوی دایانتاشی بوو). ئەمڕۆکەش لە هێندێك شوێنی کوردەواری دا ئەم وشەیەهەر وا زیندوو ماوەتەوە.کەسانێکی خاوەن رای ئەدەبی وەك دوکتوور سیروس شەمیسا لەسەر ئەم باوەڕەن کە دەکرێ بە جێی هێرمونتیك لە زەندیك کەڵك وەرگرین.گووسانیش ئەم کەسانەبوون کە هاوکات دەگەڵ بەدەنگخوێندنەوەی شێعر،مۆسیقاشیان دەژەنی.(بەوتەی عەلیڕەزا پلاستید گرینگترین یادگاری هونەری مۆسیقی پارتی گووسانە.)ئەوان لە کۆڕی غەم و شادی شایەکان و گەورەکانی سەردەم بەشداریان دەکرد.ئەوان میرات گری کۆمەڵێك »گێرانەوە«و»سونەت« بوونکە لەکاتی پێویست دا کەڵکیان لێ وەردەگرت.گوسانەکان چۆن درێژە پێدەری بیر و باوەڕی ئایینی مانی بوون،بەردەوام دەگەڵ قەشەکان لەمشتومڕ دابوون.چۆن قەشەکان پێیانوابووکە شێعرەکانیان کافرانەیە.گووسانەکان درێژەپێدەری ئەدەبیات بەتایبەت ئەدەبیاتی ئاشقانە بوون،هەروەها ئەدەبیاتی کۆن وزارەکییان لە فەوتان رزگار کرد.لەکتێبی (مجمل‌التواریخ‌القصص)داهاتووە کە گووسان بە پالەوی ئەشکانی بەمانای خونیاگەر و هۆزان وانـــە8.« هەروەها بەرێز مەحموود فەلەکی لەکتێبی »مۆسیقالەشێعری سپی دا«،کورتە باسێك سەبارەت بە گووسان دێنێ کە ئێمەش خودی دەقەکە دێنینەوە:
»یەکێك لە زمانە ئێرانیەکان زمانی ئەشکانی یان پارتی (کە دواتر وردە وردە گۆڕا و بوو بە پالەوی)بە هێندێك هۆ دەتوانیین باسی شێعر وبەستەکانی وان بکەین.ئەوەی کە »مانەوی«یەکان ئامۆژگاریەکانیان وەك بەستە دەچڕی و ئێستا دوو دەقی پارتی مانەوی لە تورکستانی چین بیندراونەوە،دەکرێ ببێتە هۆیەك بۆ ئەو داخوازیەی ئێمە.لە لایەکی تریشەوە،باسی جۆرێك بەستەی خەڵکی ئاسایی دەکەن بە ناوی گووسان و بە زمانی پارتی بووە،کە لە وە دەچێ بە مانای» هۆزان وان« »یا هەمان بەیتت بێژی خۆمان« بووبێت،لە یەکێك لە بەستەکانی ئەوان دا ئاوا هاتوە:
گووسان(خونیاگەر) هونەری شالیار وقارەمانەکانی رابردوودەگێڕێتەوە بەڵام بۆ خۆی جگە لە گێرانەوە، هیچی تری پێ نابڕێ.«9
لە لایەکیتریشەوە ئەم بۆچونەش هەیە کە هێرمنوتیك لە هیرمیس وەرگیرابێ،هیرمیس راسپاردە وپەیام هێنەری خودایانی یونانی کۆن بوو،کە پەیامی ئەوانی بۆخەڵك دەهێنا وزۆر جار ئەم پەیامانەی بۆ خەڵك بە زمانێکی ئاسایی ئەو کات شی دەکردە وە.بەڵام ئەوەی کە لێرەدا گرینگە باسی بکەین،ئەوەیە کە هیرمیس لە ئەساتیری کۆنی ئێران دا هەمان ئیدریسی پێغەمبەرە10،لە ئانندراج دا لە ژێر وشەی ئەخنوخ کە لەتەوڕات دا هاتووە،ئاوا نوسراوە:بە ئیدریسیان هێرمیس یا هۆرموز گوتووە.هەروەها هورموزبغ (هورموز-ئەهورامزدا)لەئایینی مانیدا یەکەمنمادی ئینسانەکانەونموونەی ئەزەلیوهەرمانی هەموو ئەو ئینسانانەیەکە لەم دنیایەدا ئەسیروگیرۆدەی تاریکین.لەبەراورد کردنی ئەوانەدا،دەبینین کە ئەم رەگەزە،کە ئێمە لێرەدا بەرەخنەی هێرمنوتیکی ناومان برد ،دەبیندرێ . هەروەها ئەوەی کە زمانی کوردی و زمانە کۆنەکانی ئێرانی وەك پالەوی لە یەك ریشەوە سەرچاوەیان گرتووە، کەوابوو زۆر بە سانایی دەتوانین ئەم دەقانە بە یەکەوە بلکێنینەوە.بەتایبەت بەیتی کوردی کە زۆربەی زۆریان کۆنن و زار بەزار بەئێمە گەیشتون،لەم لایەنەیان تێدا بەدی دەکرێ.ئەم شێعرەی سەرەوە کە سەبارەت بەگووسان بوو،هەردروست بە جێی گووسان دەکرێ بەیت بێژ دابنێین،چونکە ئەم خاڵانەی کە سەبارەت بە گووسان و زەندیك و هێرمنوتیك باسمان کرد،زۆر لێك نزیکن و لە پاڵ ئەوانەش دا بەیتی کوردی هەڵگری زۆریەك لەم لایەنانەیە. چونکە بەیتەکان ،وەها خوڵقاون،کە ئەگەر بە دەنگی تایبەتی خۆیان نەخوێندرێنەوە ، زۆربەیان ئاستی ئەدەبی بوونیان،تا قسەیەکی ئاسایی دادەکشێ.ئەمە چ لەباسی گووسان و چ لە باسی زەندیەکان و چ لە باسی هێرمننوتیکی دا

وەك لایەنی هەرە بە هێزی ئەم بەشانە سەیر دەكراكە لە هەر كام لەم بەستێنانەدا دەبوو لە لایان كەسانێكەوە خوێندرابانەوە،بەڵام ئەوەی كەلەبەیتەكاندا ئاشكرایە،ئەگەر بەدەنگی بەرز نەخوێندرێنەوە، ناتوانین وەكوو دەقێك سەیریان بكەین ولەسەریان بدوێن.هەرچەند نیشانەكان بەوە رازیمان دەكەن كە باسی گووسان و زەندیك و هێرمنوتیك-یش هەر ئاوا بووبێ ،بەڵام هەروەك ئاماژەی پێكرا،دەكرێ جیاوازیان هەبێ.بەڵام ئێمە لێرەدا لە هەمووی ئەم زاراوانە خۆدەپارێزین وبە لای هێرمنوتیك دا دەیشكێنینەوە.ئێمە گوتمان كە لەهەركام لەوانە دا دەبوایە بە جۆرێك بابەتەكە بۆ»بیسەر«یا»بەردەنگ« بە دەنگی بەرز و» بە تایبەت لە بەیتەكان دا بە دەنگێكی تایبەت« گوترابا وە،ئەم بە دەنگی تایبەت خوێندنەوەیە، قۆناخێكی هێرمنوتیكی مۆدێرنە،بەناوی‌خوێندنەوەی‌دەق‌بەشێوەی زارەكی.ئەم قۆناخە لە هەموو سەرچاوە هێرمنوتیكیەكان‌دا وەك لایەنێكی بنەمای هیرمنوتیك سەیر دەكرێ. ریچارد.ئە.پالمێر-ش لە كتێبی زانستی هیرمنوتیك **دا باسی ئەم لایەنە دەكا و بە گشتی هیرمنو تیك بە سێ لایەنی سەرەكی وجیاوازلێك،بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش دەكا.

الف)بەیان كردن بە دەنگی بەرز

ب)شی‌كردنەوەو باس كردنی‌دەق

ج)وەرگێران و هێنانە سەر زمانی خۆ

ئێمە لێرە دابەیتەكان‌بەدووروانگەی (الف)و(ب) تاوتوێ دهكەین‌كە مەبەستی ئێمە زۆرتردەپێكێ.

الف)كوتن و بەیان كردن بە دەنگی بەرز:ئەم شێوازە كە بە شفاهی خوێندنەوە ناومان برد،یەكەمین هەنگاوو سەرەكی‌ترین لایەنی هێرمنوتیكی لە بەیتەكان دایە.لە مەڕوشەی شفاهی دا خودی ریچارد دەڵێ‌َكە»خودی وشەی شفاهی هێزێكی سێحراوی هەیە.چونكە پاش ئەوەی بە شێوازی نوسراوەیی دەرهاتن،لەم ئاستەی خۆیان دەترازێن.«ئەم خاڵە لە بەیتەكان دا شوێنی كاریكەری هەیە،هەر ئەم لایەنەیە كە بەیتەكان لە دەقەكانی تر لە روانگەی هێرمنوتیكیەوە،جیا دەكاتەوە.

بەڵام دەم و دەست ئەم پرسیارەدێتە ئاراوە،»كە شفاهی خوێندنەوە،شتێك نی‌یەبۆ هەمیشە بمێنێتەوە.كەوابووبەو پێ‌َیەئێمەناتوانین بۆرابردوو بگەڕێنەوە.بەڵام سەڕەڕای‌ئەوانەش زمان لەبنەڕەتا پێش ئەوەی ببیندرێ‌َ، دەبیسترێ‌َ،هەربۆیە لەزمانی‌شفاهی‌دا رادەی تێكەین وفام كردن زۆرترە هەتازمانی‌نوسراوەیی.[11]كەئەمە لەبەیتەكان داشتێكی بەرچاوە.هێنانەوەی ئەم قسەیەی ریچارد جوانتر یاریدەم دەداكەمەبەستم چی‌یە.ریچارد دەڵێ‌َ:شێوازای شفاهی‌خوێندنەوە،دوولایەنی هەیە.یەكەم ئەوەی كە »پێداویستی هەرشتێك لەبەیان كردنی‌ئەم شتەوە ساز دەبێ‌َو دووهەم ئەوەی كە هەر خوودی تێگەین و فام كردن لە گوتنەوەی تەئویلی ساز دەبێ‌َ،واتە لەبەیان كردنی ئەو شتەدا.«[12]

ئەم لایەنەهێرمنوتیكی‌یە،زۆرتر لە دەقە كۆنەكان دا رەنگ دانەووەی هەیە.لە مێژوی یونان دا هێرمیس خوادای راسپاردە و پەیام هێنەر،پێوەندی دەری خودا و خەڵك بوو.ئەو كارو پەیامانای كە لەلایان خوداكانی یونانەوە بۆ خەڵك چەتوون بوون، هێرمیس بۆی‌شی‌دەكردنەوە،یابەواتایەكی‌تر بۆی‌تەئویل دەكردن.ئیون شێعرەكانی هۆمێری لەبەر بۆ خەڵك دەخوێندەوەو خەڵكی بەرەو دنیای شێعرەكانی هۆمێر بانگەشە دەكرد.لەئێرانی كۆنیش دا كەسانێك بە ناوی »زەند«یا»زەندیك«كتێبی ئاوێستایان بەزمانی ئەوسەردەم بۆ خەڵك دەخوێندەوەودەیانهێنانە سەر زمانی‌خەڵك.یاگووسانەكان كەئەوانیش بەموسیقی‌یەوە شیعَر و بەستەیان بۆخەڵك دەخوێندەوە.هەمووی ئەوانە،هێرمیس و ئیون و زەندیك‌وگووسان،ئامڕازی راگەیاندنی پەیام بوون بۆ خەڵك.بەیت بێژەكانیش هێڵی پێوەندیداری دنیای بەیت و خەڵك بوون.بەڵام جیاوازیەك لە نێوان بەیت بێژ و هێرمیس و ئیون و زەندیكەكان‌دادەبیندرێ‌َ.كاری هێرمیس بەیان كردنی ئەم لایە چەتوونانەی‌پەیامی خودایانی یونانی‌كۆن بووكە بۆخەڵكیان

شـیدەكـردەوە.زەندیكـەكـان لـەزمـانێكیترەوە(ئاوێـستایی) بۆزمـانێكیتر (پـەهلـەوی)كتێیـی ئاوێستایان بۆ خەڵك دەخوێندەوە.كەهەمان لایەنی وەرگێرانیهێرمنوتیكی بوو.
بەڵام،ئەمرۆكە بیَ ئیون-یش شێعرەكانی هوَمێر،تام وچێژی شێعریان هەر هەیە.هەربۆیـەلایـەنـی هێرمنوتیكی لە بەیتەكان دا دەگەلأهەمووی ئـەوانـە جیاوازی هـەیـە.چوونكـە بـەیت ،بیَدەنگی بـەیـت بێذلـەوئاسـتەی خۆیدەترازیَوبـەشـێوەی نوسـراوەییئـەومانـادەقیـەی خۆینـادا.كـە وا بووەهۆكاری سەرەكیسەرهەڵدانی عاتیفەی دەقی لەبەیتەكان داتەنیاوتەنیابەیت بێذەكانن.هەرئـەو شتەی كە ئیلیوت ئاوا باسی دەكا:»عاتیفە پێكهاتەیەكان(Structural emotions)لـەخـودی دەقـەوە سـەر هەڵدەدەن.مەبەستی ئیلیوت ئـەوەیـە كـە خوێنـەر بۆ خوێندنـەوەی شێعر(یاهـەردەقێكیتر)بـەهۆی تەرزكردنیرواڵەتـی وێنـەشێعریەكان،هـەستێكی تایبـەت لـەخۆینیشان دەدا.ئـەم وێنانـە لـەدەق دا هاوتاییعەینی خۆی(Objective correlative)یادەبنە جـەڵەی وێنـەگـەلێكی تایبـەت و هاوتاییعاتیفـەی ئینسانی،كەلەئاكام دا،ئەم كارە واتە بەدەنگ خوێندنەوە،هەمووی هەست و سۆزێك بۆ بە دیهاتنی عاتیفەیەكی تایبەت،دێتە ئاراوەكە هەمووی ئەوانە لە دەقەوەدەس دێن« 13.بەڵام دەكریَ بڵێین كـە بەیتەكان بەر هەمێكی عەینی نین كە ئێمە بە لێكۆڵینەوە پێیان بگەین،بەڵكوو دەبـیَ بیـان بیستین.یـا بەوتەیەكی\تر تەئویل لەبەیتەكان دا تەنیا لە رێگەی بیستنەوەیە.
گـادامێر لـەجێگـەیـەك دا دەڵـیَ:»خوێندنـەوە،راڤـەكردنـە و راڤـەكردنیش شتێك نیـەجگـە لـەتـاو و تویَكردنیشێوازی خوێندنـەوە«.بـەڵام هـەروەك لـەبـەرا ئامـاذەمـان پێكرد،شـێوازی تـەئویـل لەبەیتەكان دا دەگەلأ هـەر دەقێكیتر جیاوازی هـەیـە،كـەوایـە ئـەم وتـەیـەی گـادامێر ئـاوا لـەسـەر بەیتەكان دا دابرێذین:خوێندنەوەی بەیت لـەلایـان بـەیت بێذەوە راڤـەكردنـی بـەیتـەوراڤـەكردنیش شتێك نییەجگەلەتاوو تۆیكردنیشێوازیخوێندنەوەیبەیت لەلایان بەیت بێذەوە.یا بەواتایەكیتر ئاڵقەكانیئاسۆیبەیت لەلایان بەیت بێذەوە بەیەك دەگەنـەوە.كـەوایـە ئێمـە لـە هـەوەڵین هـەنگـاو دا دەگەلأ لایەنیشفاهیبوونی بەیتەكـان رووبـەڕووین،باسـی شفاهی،یان كوتنـەوەی بـەیت لـەلایـان بەیت بێذەوە،دووباسيگرینگـدێنێتە گۆڕیَ:

**یەكەم:بەیتوئاهەنگیتایبەتی خۆي**
**دووهەم: چونێتی زمان لەبەیتدا**

***-بەیتوئاهەنگی تایبەتی خۆی:***

هەروەك دەزانینبەیتەكان كێشی بڕگەیان هەیە.بەڵام هێندێك لایەنی تایبەتلەكێشی بڕگـەیـی ئـەم بەیتانەدا،ئاهەنگ و كێشێكی تایبەتیانپێبەخشیوە.لەئەدەبیاتيكـەونـارایی زۆربـەی گـەلاندا ئـەوە دەبیندریَ،كەئەدەب و هونەر لە پێناوی ئایین دابووە، هەربۆیە ئەم بەرهەمانە دەگـەڵ ئاهـەنگێكی تایبـەت بـەرێـوە چـوون.لـەلایـەكيتریـشەوە،لـەبـەر ئـەوەی كـە ئـەم شـێعرانە كێـشی بڕگـەیـان هـەبـووە،بـیَ ئـەو ئاهـەنگـە تایبـەتـە نـەبیَ،ناكوترێن،واتـە بـیَ ئـەوئاهـەنگـە تایبـەتـە،دەقێكـی سـەربـەخۆنین.یـەكێك لـە توێـذەرانـيئـەدەبـی كـۆنی ئێرانـی دەڵـیَ:بـەگشتی شـێعر لـە ئێرانـی سـەردەمـیساسـانـيدا تـاڕادەیـەك لـە چـاو مۆسیقی گـەشـەی كـردووە،كـەوەك ئـەمڕۆكـە سـەرِوای نـەبووە.ئـەم شێعرە سادەوبیَسـەرِوایانـە،كێشی مۆسیقيیان بـووە،كـە بـە درێذكردنـەوەی دەنـگ یاكێـــشانی وشــــە یاچۆنیــــەتــــی كــــوتنی وشــــەكــــان(واتــــەدرێــــذوكــــورت كردنــــەوەی وشــــەكــــان)دەكــوتران.هــەربۆیــە شــێعری كــەونــارایی كێــشی بڕگــەیــان هــەبــووە.
لـەشـێعرەفولكلۆرِیـەكـوديـیـەكـانداوبـەگشتی لـە زمـانی كـورديدا وەك زمانـەئوروپایـەكـانو لەوانەئینگلیزی كێشيبرگەییو»تەكیە«14دەوری سەرەكیان هەیە.(تەكیەبریتیە لە زەقكردنەوەی بەشێكي»دەنگ«لـە كـەلامدا دەرحـەقبـەبـەشـەكانـيتريئـەم كـەلامـە،یـا زەق كردنـەوەی بـەشێكی رستەدەرحەق بە بەشەكانيتريئەم رستەیە، یازەق كردنەوەی بەشێكی دەنگ لـە كـەلام یارستەدا دەرحەق بەرستەكانيتر یاكەلامەكانيتر).
بەگشتی لەشێعر و بەستەی فولكلۆری كورديدا دوو جۆر تەكیە دەتوانین دەست نیشان بكەین:

یەکەم) تەکیەیی‌دەوری:زەق‌کردنەوەی بەشێکی »دەنگ«لە کەلام یا رستەدا دەرحەق بەکەلامی‌تریارستەی‌تر.
10بڕگەیی) رەشەریحانە / خۆمی پێ‌رەش کەم لەدوای باڵاکەت / دڵ بە کێ‌خۆش کەم
8 بڕگەیی) چاوت رەشن / بەخومارەوە خوا پێیداوی / مەیشارەوە

Ca-wIt*-re-shIn* / bIxu-ma*-re.we* Xwa-pey*-da-wi*- / mey-sha*-re-we*
- - U - - - U U - - - - - - U U

دەبینین کە وەستانێك لە وەسەتی مسرەعی هەوەڵداوهەر بەم جۆرە لە وەسەتی مسرەعی دووهەمیش‌دا (بەگشتی لە بەستەو گۆرانی 8و10 بڕگەیی‌دا )دەبیندرێ ، ئەم وەستانە حاڵەتێکی دەوری بە بەیتەشێعرەکە دەداودەیهێنێتە سەر ریتم و ئاهەنگ.

**دووهەم)تەکیەیی‌بڕگەیی:**زەق‌کردنەوەی بەشێکی »دەنگ«لە بڕگەدا دەرحەق‌بە بەشەکانی‌تری‌بڕگەکە.
10بڕگەیي) بنێ‌سەردڵم / ناسکەپەنجەکەت باوەشێنم کە / بە ئە گریجەکەت

Bi-ne*-ser*-di-lim*- nas-ke*-pen*-je-ket* ba-we*-se*-nim-ke* -be-ag*-re*-je-ket*
U- - U - - U – U - - U - - U U - - U

دەبینین کەتەکیەلەسەر بڕگەکانی 3،2و5 لە نێو مسرەعی‌هەوەڵداو هەربەم شێوەیە لە بەشەکانی‌تریش دووپاتدەبنەوە.(لەو بەیتەشێعرەی سەرەوە تەکیە بە ئەستێرە دەستنیشان کراوە)ئەم حاڵەتە لە 8بڕگەیش‌دا هەر هەیە بەڵام جێگەی تەکیە-کان جیاوازی هەیە.واتەتەکیەلە سەربڕگەکانی دوو،سێ‌و چوار-ەبەڵام لە 7بڕگەیی دا بەم جۆرە نیە.لە حەوت بڕگەیی‌دا ئاهەنگەکە دەگۆڕدرێ و دەبێتە زەربی‌و ئیقاعی،کە (تەکیەیی دەوری‌تێدا کەم رەنگە،هەروەها وەك 8و10بڕگەییش جێگەیەکی دیاری کراوی نیە،هەروەك لەو بەیتەشێعرەی خوارەوە دا بەم شێوەیە.) .تەکیەیی بڕگەیش لە بڕگەیی‌دا، دەگەڵ 8و10بڕگەیی جیاوازی هەیە.لەخوارەوە تەکیە-کان بەئەستێرە دەست نیشان کراون،کەجوانتر مەبەستی‌ئێمە روون دەکاتەوە.
7بڕگەیي)دەسکە گوڵوریحانە ماڵم بە تووە جوانە.

Des-ke*-gu-lu* / -ri*-ha-ne* ma-lim*-be-to* -we* / -jva-ne*

هەروەك دەر دەکەوێ تەکیەی دەوری کەم رەنگە.بەڵام بە گشتی تەکیە لە ئاهەنگی ئەم بەستە و گۆرانی‌یە فۆلکلۆریانە دەوری سەرەکیان هەیەوهۆکاری پێکهاتنی ئاهەنگی جۆراوجۆر لەم جۆرە بەستەوگۆرانی‌یانەهەر ئەم دووجۆرە تەکیەیە.بەگشتی لە شێعرە بڕگەیە فۆلکلۆریەکان‌دا:
1-ذومارەی بڕگەکان لە هەر بەیتێکی شێعری دا بەرانبەرە.(هەڵبەت ذومارەی بڕگەکورتو درێذەکان‌بە قەرایەك‌نین.)
2-تەکیەیی‌دەوری و بڕگەیی‌لەشێعرەکان‌دا دەبیندرێ.هەرئەوشێوازە، ئاهەنگی جۆراوجۆر بە شێعرەکە دەبەخشێ.
3-لەئاکامی ئەو دووبەشەدا کە گەڕیانێکی تایبەت لەشێعرەکەدا دەگێڕێ،شێعرەکە ئاهەنگ بەخۆیەوە دەگرێ.
بەڵام لە بەیتەفۆلکلۆریەکان‌دا تەکیە بەم شێوەیە نیە،هەرئەم جیاوازیەش بۆتە هۆی‌ئەوەی کە بەیتەکان ئاهەنگێکی تایبەت بە خۆیان هەبێ،هەروەك دواترباسی دەکەین تەکیەیی دەوری،لەوان دانیەبەڵکووبە جێی ئەوە،تەکیەیی پلەیی-یان هەیە.بەواتایەکی‌ترلەبەیتەکان‌دا،دووجۆرە تەکیە الف)تەکیەیی‌بڕگەیی وب)تەکیەیی پلەیی دەبیندرێ.
(تەکیەیی‌پلەیی بریتیە لە زەق کردنەوەی بەشێکی‌دەنگ لە کەلام،دەرحەق بە بەشەکانی‌تری ئەو کەلامە یا کەلامەکانی‌تر کەوەك تەکیەیی دەوری لەنیزامێکی بەرابەر پەیرەوی ناکاوحاڵەتێکی پلەیی هەیە.) لەلایەکی‌تریشەوە تەکیەیی بڕگەیش لە بەیتەکاندا دەگەڵ تەکیەیی‌بڕگەیی لەبەستەوگۆرانی‌یەفۆلکلۆریەکان،جیاوازی هەیە چونکە لە بەستەو گۆرانی‌یەفۆلکلۆریەکان‌دا

تەکیەیی بڕگەیی جێگەیەکی دیاری کراوی هەبوو بەڵام لە بەیتەکاندا جێگەیەکی دیاری کراوی نیە. ئێستا سەرنج بدەنە ئەم بەشە لە بەیتی ئازیزە:15

دەوەرە/ ئازیزێ
de-we*-re*/-a-zi*-ze*

سەرم دیشێ/لەدڵی من گەڕێ se-rim*-di-
she*/-le*-di-li*-min*-ge-re*

دڵی من/ چەندی لەبرینە،/چەندی لەبرینەبرینە dI-li*-min*/-cen-di*-le*-bri-
ne*/-cen-di*-le*-bri-ne*-bri-ne*

زەینم دەدا/ برینی راستەم/،لەبەری دەڕوا/،کێم،هەوا،زووخاو zey-nim*-de-da*-/bri-ni*-ras-
tem*/-le*-be-ri*-der-wa*-kem*-he-wa*-zoo-xav*

لەبرینی چەپەم/ دەتکا/ دڵۆپ دڵۆپی دەخوێنە. Le-bIri*-ni*-ce-pem*-/det-ka*/-
dlop*-dlo-pi*-de-xuy*-ne*

....

هەروەك دەبینین تەکیەیی بڕگەیی جێگەیەکی دیاری کراویان نیە (تەکیەیی بڕگەیی بە ئەستێرە دەست نیشان کراون)تەکیەیی پلەیش بەپێی دریذی و کورتی دێڕەکە جیاوازی هەیە(تەکیەیی پلەیی بە هێڵی لار دیاری کراون). هەرئەم تایبەتمەندیانە،ئەم زاتەیان بە بەیتەکان بەخشیوەکەئاهەنگەکەیان نەگۆڕبێت و ئاهەنگێکی تایبەتی خۆیان هەبێ،بەڵام لێرەدا رەنگە ئەم پرسیارە بێتە گۆڕێ کە دەق گەلێکي‌کۆنی ئێرانی وەك (درەختی ئاسۆرَیك‌کەهێندێك لەخاوەن رایانی وەك بنوەنیست بەسەر 5،6،7،8،9و10بڕگەیی‌دا،دابەش دەکەن)ئەم دوو خاڵەی بەیتەکانی تێدا بەدي‌بکرێ،بەم پێیە دەبێ‌درەختی ئاسۆڕیکش وەها کێشیکی هەبیت.بەڵام جیاوازیەك کە لەنێوانی ئەم دوو دەقەو بەتایبەت جیاوازی نێوان بەیت دەگەڵ‌دەقگەلێکی لەوچەشنە،دەگەڕێتەوە سەر شێوازی بەیان کردنی وشەکان، چۆنیەتی درێذوکورت کردنەوەی وشەکان و چۆنیەتي‌دەربڕینيتۆنی وشەکان کە لەهەر زمانێك دا تایبەت بەوزمانەیە.هەرۆەها چۆنیەتی شێوازی خوێندنەوەی زمانی پالەویش ئەم جۆرەی پێویستە مەعلووم نیە،چونکە چۆنیەتی دەربڕینی تۆنی دەنگ وشەکان لە تەکیە دا دەوری سەرەکیان هەیە.بەڵام هەروەك گوتمان دەربڕینی تۆنی وشەکان لە هەر زمانێك تایبەت بەو زمانەیە.بۆنموونە لەزمانی فارسی دا »دووبێ‌دەنگ«(دوصامت)بەتەنیا قەت لەهەوەڵەوە نایە،بەڵام لە کوردی دا وەها گرفتێك نيیە.هەر ئەم جیاوازیە کە کێشيبڕگەییشێعری کوردی دەگەڵ کێشی بڕگەیی شێعری فارسی لێك جیادەکاتەوە.

بۆنموونە سەرنج بدەنە ئەم چوار خشتەکیەی ئەبووسەعیدئەبووخیەرکە کێشی بڕگەیی هەیە

وافریادا،زعشق،وافریادا - - - - ×- - - - -

کارم بە یکی ترفە نگار افتادە - - - - - × × - - × × - -

گردادمن شکستە دادا،دادا - - - - × × - × × × × - -

ورنە،منوعشق،هرچە بادا،بادا 16 - - - × - × - × × × -

دەبینین کە لەهەموویان دا بە بزوێن»مصوت«(-) دەستی پێ‌کردووە.یابەگشتی دوو بێ دەنگ بە شوێن یەکدا نایەن.بەڵام لە نموونەکوردیەکەيدا دووبێ‌دەنگ »صامت«(×) بە شوێن یەکدا دێت.

»کریستین سن« لە شێعری پالەوی دا کێشی سەرەکي‌تەکیە دەزانێ و دەڵێ بەرانبەری ژمارەی بڕگەکان لە دێرك دا یا لە کۆپلەیەك دا کەمتر هەبووە.هەرئەم شێوازەی کە لە بەیتەکانیش دا هەیە.واتە تەکیە(بڕگەیيوپلەیي) لەبەیت دا هۆکاری سەرەکی ئاهەنگی بەیتە.کەهەروەك گوتمان ئەم تەکیانە وەك شێعری 10بڕگەیيو...نیزامێکی تایبەتیان نيیە،بەڵکوو بە پێی دێڕی بەیتەکەوپشووی بەیت بێژە،واتە لە دێریك دا وەستانێك،لەدێڕکيتر دوویا سێ یا چوار وەستان ورەنگە لەدێرکەی دوای ئەو ببێتەوە دوو،وەستان هەبێت(هەروەك لەبەرا بەدوو شێوازی بڕگەيیوپلەیی دابەشمان کردبوو).سەرجەم لە بەیتەکاندا لەبەر تەکیەیی پلەيیو هەروەها لەبەر

جیاوازی تەکیەیی بڕگەیی دەگەڵ تەکیەی بڕگەیی لەشێعروبەستە فۆلکلۆریەکاندا،بەیتەکان ئاهەنگێکی تایبەت و سەبەخۆیان هەیە، کە دەگەڵ ئاهەنگی شێعر و بەستەی فۆلکلۆری جیاوازی هەیە.تەکیەییبڕگەییوپلەییوبەقەرا یەك نەبوونی دێڕەکان ، لەبەیتەکاندائاهەنگێکی تایبەتیان بە پر ۆسەیبەیت بەخشیوە،کەدەگەڵ هەموو دەقەکانیتر کە کێشی بڕگەیان هەیە، جیاوازی هەیە.

***<u>-چۆنیەتی زمان لەبەیتدا:</u>***

1)زمانێك کە ئاوێتەیە دەگەڵ مەجاز و خوازە.لەم جۆرە زمانە دا بەییت بێژ زۆر جار لە ژێر توێژی رواڵەتی زمانەکە،باسی هێندێك شتی شاراوە دەکا،کە بە مەجاز و خوازە دەریان دەبرێ.ئەم لایەنە لە زمان ،حاڵەتی زەینیو سوبژەییبە بەیتەکان بەخشییوە.

الف)زمانی حەماسي،کە بەشێکی زۆر لە بەیتەکان ئەم لایەنەیان تێدا بەدی دەکرێ.کاکڵ و مانای ئەم بەیتانە زۆرتر لە چوار چێوەی کەسایەتی و بارودۆخی ژیانی گەلی کورد دان.وەك بەیتی دمدم،هەمزاغای مەنگوڕ،تێلی هەمزە.

ب)زمانی غەنایي:ئەم بەیتانە کە بە ناوەرۆکیان ڕا وا دەردەکەوێ لە بەیتە حەماسیەکان کۆنتر بن،چۆنکە زۆرتر باسی سونەت و باوەڕگەلی کۆن دەکەن.وەك بەیتەکانی :شێخی سەنعان،شیرن وفەرهاد،زەمبیل فرۆشوشێخفەرخو خاتووئەستي.

ج) زمانێك کە ئاوێتەیەك لەم دوانەیە،واتە هەم حەماسی و هەم غەنای یە،زۆربەی بەیتە درێژەکان ئەم لایەنەیان تێدا بەدی دەکرێ.وەك بەیتەکاني:خەج و سیامەند،مەم و زین، سەیدەوان،سەعیدی میر سێوەدین و زمانێك کە بەسەر بەیت دا سەپاوە.

لە هەر سەر دەمایەك دا دەس هەڵات داران بۆ مانەوەی زیاتری خۆیان هەوڵ دەدەن توێژی ئەدیب و هونەرمەند بێنە ژێر دەس هەڵاتی خۆیانەوە.هەر لەبەر ئەوە هەموو رێگە و شێوازەکانی کە بکرێ خەڵکی پێ فریو بدرێ، کەڵکی لێ وەر دەگرن. هەموومان ئەوە دەزانین کە لەرابردوودا شێعروموٚسقا(بەتایبەت کە شێعر بێمۆسیقا نەدەکوترا)هەروەها حەقایەت گێرانەوە پێوەندیان بە شایەکانەوە هەبووە،هەموو توێژەران لە سەرئەمە هاوبیرنکە شاعیروخونیاگەرو رامشگەرێکی پێوەندیان بەدەربارەوە بووە.دواتریشکەشێعر و بە گشتی ئەدەبیات بەرەو بەستێنێکی سەربەخۆیی هەڵکشا وئیتر بێمۆسیقاش شێعر دەکوترا،هەر لە دەربار رزگاریان نەبوو، هەر لەبە ئەوە شێعرەکانیش زۆربەیان رەنگ دانەوەی ئاکار و شەڕ وئازایەتی شایەکان بوو،بەڵام لەو نێوەدا دەستەیەك بەناوی خەڵکی ئاسایەوە بەستەو گۆرانیان دەکوت،کە لەراستی دا ئەم هەست و ئیحساسەی کە هەیان بوو،هەر بەم شێوەیە دەریان دەبڕي،لەوانە دەتوانین ئاماژە بکەینە بەستەی خەڵکی ئاسای (تەرانەی عامیانە)گەلانی ئێران کەسادقی هیدایەت ئەمانە واتە (تەرانەی عامیانە،مەتەڵ و ئەفسانەکان) بە نوێنەری رۆح و دەنگی ناوەوەی  هەر گەلێکیان دەزانێ کە لە خەڵکی بێ سەوادەوە سەر چاوەیان گرتووە. ئەم نموونەیەی خوارەوە کە وەرگێرانی (تەرانەیەکی عامیانەي)16فارسی یە و هەر لە کێشیخۆیداکە کێشێکي10 بڕگەیی بوووەرگێردراوەتەوە،جوانتر مەبەستەکەمان روون دەکاتەوە:

***تاڵی ژینی مە بڕستی بڕین***
***هەڵنایە خۆرو چ بێ وی سڕین***
***رێگەی گرتووە دێوە درنجە***
***پێی کیژی خۆری بەزنجیر تەنین***

***هەر داری تەون،هەرداری تەون***
***دیسان رەنگ زەردە دیواری تەون***

***دەستم بڕیوەو رەنگە بپشکوێ***
***گوڵەسورەکەی لێواری تەون***

***هەواکەی ژووری وەك سڕسڕخانە***
***لە رەگ هەر ئەوەن خوێنمان گەڕیانە***
***»ئەستێرە« دەمرێ خەریکە لە»تاو«***
***»رووناك« خەمین و لێو بە گریانە***

***زستانی ستەم بۆریسوا نابن***
***گوڵانی تەون شکۆفا نابن***
***نیگاری تەون،فەرهاد و قوڵینگ***
***ئەی بۆ لەخەوي!شیرن رانابن***

ئەگەر ئێستا بێنین ئەمە دەگەڵ شێعرێکی دەرباری بەراورد کەین دەبینین کە ئەم تەرانەیە لە هەست و ئێحساسی راستەقینەی خەڵکەوە سەرچاوەی گرتووە.باسی ئەم زوڵم و ستەمانە دەکا بە سەرچینی خۆیان دا هاتووە و بە راشکاوی لە چنگ حاکمی وەخت کەزستانی ستەمی ناساندووە،وەزاڵە هاتووە،گلەیی لەوەیە کە گوڵی ناپشکوێ،تەنیا مەگەر بە خوێنی قامکەکانی نەبێ کە گوڵە دەست کردەکەی دەپشکوێ ،پاشان زۆر بەراشکاوی خەڵك بۆ رابوونێکی یەکجاری هان دەدا و ئەم گلێیە دەکا کە بۆلە خەوی شیرن رانابن.رەنگە لە سەراپای ئەدەبیاتی شاعیرانيدەرباری دا ئەگەر یەك دوو شاعیری لێ دەرهاوێن شێعرێکی ئاواسەرڕاستەو سادق کە لە دەست جەوری زەمانە وەزاڵە هاتبێ،نەبینین،ئەوە لە حاڵێك دایەکەئەمە بەستەیەکی خەڵکی ئاسای یە. لە کوردەواریش دا بەیتەکان و لاوك و حەیران و...رەنگ دانەوەی هەستی راستەقینەی خەلك بوون.بەڵام لە کوردەواری دالە بەر ئەوەی کە شاعیری دەربار ی نەبووە یا خود لەچاو بەشەکانی تر کەمتر بووە،هەست و ئێحساسیان زۆرتر لەبەیتەکان و..رەنگی داوەتەوە،بەگشتی مەبەستم ئەوەیە کە بەیتەکان خاوەنی رەسەنایەتی خۆیانن.بەڵام دواتر وبە تایبەت لە سەردەمی ئاغا و رەعیەت دا کەئاغا وەك دەسەلاتداری ئەم مەڵبەندە حکوماتی دەکرد،هەر دروست شێوازی پاشاکانیان رەچاو کرد ودەرگای دیوەخانی لەرووی چینی هونەرمەند کردەوە،کە لەو ناوەدا بەیت بێژەکانیشی گرتەوە.هەر بۆیە بەیت بێژەکانیش وەك شاعیری دەرباری بوونە بەیت بێژی دیوەخاني،لەبەر ئەوە ئاڵوگۆڕێك لەناوەرۆکی بەیتەکان دا پێك هات،ئەویش ئەوەبوو کە بەیت بێژ زۆر جار تاریف وباس کردن لە ئاغای نێوئاخنی بەیتەکان دەکرد،زۆر جار وەك قارەمانێکی سوار چاك نێوی دەبرد، کە بێ شك ئەمە لە دیوە خانەوە سەری هەڵداوە.ئەو دەمەی کە بەیت بێژچووە دیوەخان و بۆ سەرگەرمی ئاغا بەیتی دەکوت ئەم لایەنەشی بەبەیتەکانەوە لکاند.ئەمرَۆکە لە بەیتە غەنایەکانیش دا کە لە بەیتەکانی تر کۆن ترن،ئەم لایەنەی تێدا دەبیندرێ.شتێکيتریش کە جێيسەرنجە ئەوەیە کە بەیتەکان بە پێی ناوچەو بە پێی دەسەهەڵاتداری ناوچە گۆڕانی بە سەر داهاتووە.بۆوێنە بەیتی سەیدەوان کە بەیتێکی کۆنە،لە ناوچەی موکریان‌دا بەیت‌بێژ رووی لە مەکەی موعەززەم وبەیتی شەریفە

*ئەوە بەهارێکم گەیوەتێ،چ بەهارێکی لەمن سەرە بەهارێ*
*خزمینە!عاشیرەتی دە داسنیان!ئەهلی دەژەنگارێ!*
*دارەمەیتێکم بۆ ساز کەن؛*
*مەیتی کاکە سەیدەوانم لە چیایە رەنگین دەگەڵ بێننەوە خوارێ*
*توخودا قەبری ئەویشم بۆ هەڵکەنن لە کن نێچیروان و مەلکەوانی*
*ئەویشم بۆ بدەنەوە لە لە قەتارێ*
*شەرت بێ رۆڵە لە پاش ئێوە پشت لە داسنیان کەم*

*روو کەمەوە **بەیتی شەریف؛***
*بۆ **مەکەی موعەززەم** بچمەوە خوارێ.17*
بەڵام لە دەشتی هەولێرێ بەیت بێژبە مەسحەفە رەش‌و شێخی ئادێ‌ومەرکەزی ئیزەدیخانێ سوێند دەخوا
*(بەهارە،رۆرە لەمنی ماروێران‌دەرێم ئەورۆ بەوێ‌سیبانێ*
*لە چیایەکی پیرەمەقلووبان،*
*ئاگرەك بەردەبتەوەهەناوی بابێ‌سەیدەوانێ،*
*نەبەچبایان دەکوژێتەوە،*
***نەبەتەرزەوبارانێ***
*ئەمن سوندەکی دەخۆم بە خودای گەورە،بەهەموو دینان*
*بە **مەسحەفی رەش،بەشێخ‌ئادێ،***
***لە مەرکەزی ئیزەدیخانێ،)18***
ئەمە ئەوە دەگەیەنێ‌کە بەیتەکان هەروەك ئەدەبیاتی زارەکی هەموو وڵاتان‌داگۆڕانی بە سەرداهاتووە،بە ڵام بە بڕوای من ئەم کارە هیچ لە دەربڕینی ئیحساساتی تاکە کەسی و بەکۆمەڵ-یبەیتەکان کەم ناکاتەوەوهەر لە سەر ئەوە پابەندە کەلە بەیتەکان بەیت بێژ و بیسەر هەریەکن،چونکە بەیتەکان زار بەزار هاتوون‌وبەرە بەبەرە بەئێمە گەیشتون تا ئاوایان لێ‌هاتووەو هەر لەلایان خەڵکی ئاسایەوە گوتراون،بەڵام ئەم لایەنە دەسەلمێنێ کە دەستهەڵاتداران لە هەر زەمانێك‌دا بە قازانجو بەرژەوەندی خۆیان گۆڕان بە سەر شتەکانی دەوروبەری خۆیان دا دێنن.واتە دەخالەتی راستەوخۆی دەستهەڵاتدار لەزمانی بەیت‌دا،کە ئەویش دەبێ‌تاریفێکی رەها لەدەستهەڵات‌دار بەکا.بارت لە جێگەیەك دا باسی فاشیست بوونی زمان دەکا(هەرچەند لەلایان کەسانی وەك:ئومبرتۆئیکۆ بەرهەڵستی دراوە)بەڵام بارت بەو نیەتە زمان بە فاشیست بوون دادەنێ کە چۆن فاشیست بەرگری لە قسە کردن ناکا،بەڵکوو وادار بە قسەکردنی دەکا،بەڵام بە قازانجی خۆي،بارت لە درێژەی بۆچونەکەی خۆیدا دەڵێ:زمان مەجبوورم دەکا هەر کات باسی شتێك بەکەم،خۆم دەبێ »کارا«بم.دەکرێ ئەم لایەنە لە زمانی بەیت بە تەعبیرەکەی بارت بگرین.چونکە دەس هەڵات داران دروست هەڵس و کەوتێکی ئاوایان دەگەڵ بەیت بێژ دەکرد.بە تایبەت ئاغاوات کە بەرگریان لە کوتنی بەیت نەدەکرد،بەڵکوو بەیت بێژیان وادار دەکرد بچێتە دیوەخان و بەیت بڵێ،بەڵام بە قازانجی خۆیان.
2) شی کردنەوە و راڤە کردنی دەق.
ئەم قۆناخە لە سەرچاوەی هێرمنوتیکی دا دەگەڕیتەوە بۆ راڤە کردن و شەرح لە سەردان.ئەگەر ئەم قۆناخە لە روانگەی سونەتیەوەباس بکەین،خاڵی هەرەبەر چاوی ئەدەبیات بووە و وەك رەخنەی سونەتیش دەکرێ سەیری بکەین.لە ئەدەبیاتی کلاسیك دا کەبەدەگمەن‌لەسەر شێعرەکان نوسراون،هەر لە ئاستی وشە مانا کردنەوەی چوار چێوەی شێعرەکە بووە.نموونەی زۆر زیندوو بۆئەو مەبەستە شەرح ولێکدانەوەکانی بە رێزمحەممەد مەلا کەریم و عەبدولکەریم مودەڕڕەسی بووە،کە دەتوانین بڵێین بۆنی هیرمنوتیکیان لێوە دێت.بە واتایەکی تر ئەوان لە روانگەی خۆیانەوە کە زۆر جار بە باری ئاینیش دا دەیانشکاندەوە،شێعرەکەیان مانا دەکردەوە.بەڵام لە هێندێك لەو بەیتانە دا کە هەڵگری چەند مانا بوون هەر لە لایان ئەوانەوە یەك دوو شەرحیان بۆدەنوسرا.رەنگە خوێنەرێکی ئەمڕۆیی کاتێ ئەم بەیتە شییعرەی نالي19 :
***هەناسەم زولفەکەی لاداومەیلێکی نەکرد چاوی        نەسم ئەنگووت‌وشەو رابردو نەرگیز هەر لەخەو دایە***
دەخوێنێتەوە،بۆچونیکی تایبەت بە خۆی هەبێ،بەڵام بەرێز مودەڕڕەسی ئاوای شەرح کردووە:»هەناسەم دای لە گونای یاروزولفی لە سەر رووی لادا،بەڵام ئەو چاوێکی نەتروکاندولایەکی نەکردەووە.یا هەناسەم وەك شنەی بای بەیان وابوو،هەڵی کرد و شەوی زولفی یار ی لادا،کەچی نەرگسی چاوی یار هەر لە خەو دایە و هەر نەپشکوتووە«.رەنگە لەو

نێوە دا کەسێك پەیدا بێت کە بڵێ لە ژێرئەم تۆخە ناسکەدامانایەکی تری هەبێ باسی بە ئاکام نەگەیشتنی گەلەکەی بە یەکەوە را نەبوونی ئەوان بکات ،لە لایەکی تریشەوە رەنگە خوێنەرێکی تریش بێت وبڵی ئەم شێعرە تەواو لە ژێر سایەی عیرفان دایە و هەناسە و زولف و نەسیم و نەرگیس نمادی عیرفانین.دەبینین کە ناتوانین هیچ کام لەوانە فیدای ئەوی تر بکەین.کەوایە روانگە و چۆنیەتی راڤەکردن جیاوازی هەیە.دەکرێ پێشەنگی ئەم جۆرە رەخنە تەئویلیە لەکوردستانی رۆژهەڵات دا کاك سوارەئیلخانی زادە بزانین ،لە دەیەکانی پەنجای هەتاوی دا کاك سوارە لە بەراوەردێك کە لەنێوان تڕاژیدیای سەیدەوان و هاملێتی شکسپیەڕ دا،دەیکا،هەوەڵ دێنی لە روانگەی خۆیەوە هەردوو بابەت دەخوێنێتەوە و پاشان تای تەرازوو بە لای سەیدەوان دا دەخا ودەڵێ:بەیتی سەیدەوان زۆر لە هاملێتی شکسپیەڕ بەرزترە،(ئێمە لێرە دالە قەزاوەتەکەیی دەگەڕێن)پاشان دەڵێ: شکسپییەڕ لاي‌وایە »هەبوون«یا»نەبوون« مەبەست یەکێ لەم دووانەیە.بەیت بێژی سەیدەوانیش دەڵێ:»دیلان«یا »ماتەم«کامیان مەبەستی ژیانە؟!پاشان هێندێك لە شوێنەحەستەمەکانی بەیتەکە لە روانگەی خۆیەوە تەئویل دەکا،وەك »بۆچی عەبدلعەزیز پاش مردنی دوو کوڕی هەر رازی نابێ کە داوەت بەربێ،یا لە لایەك عەبدلعەزیز دوو کوڕی دەمرێ،بەڵام لە لایەکی تریش بە هارەرە ولاسکی ناسکی گوڵی کێوی بەدەم بای نەرم و نیانەوە هەردەلەرێتەوە«20.دەکرێ بلێین ئەم جۆرە روانینە دەگەڵ روانینە کانی پێشتر تا رادەیەك جیاوازی هەبووە.هەڵبەت ئەم شێوازە دەگەڵئەم جۆرە شێوازە شەرح دانەی ناو بەیتەکان جیاوازی هەیە. جۆری راڤەکردنی بەیتەکان کە هەر لەلایان بەیت بێژەکانەوە ئەنجام دەدرا، وەك دووهەمین رەگەزی هیڕمنوتیکی دەتوانین سەیری بکەین.هەر ئەوشتەی کە لەرونگەی ئاڵبێرتیبودە ئاوابەیانمان کرد:رەخنە کاری سەرەکی رەخنەگر نەبووە،بەڵکوو لە سەر کاری قوتابیەکی خۆی دواوەو بە پێی بیروبۆچونی خۆی بابەتەکەی تەئویل کردووە.لە هێندێك لە بەیتەکان دا،بەیت بێژ بە پێی بیر و بۆچونی خۆیي،شەرح وتەفسیری لە سەر بەیتەکە دەدا ،هەڵبەت ئەوە بەسترابۆە سەربەیت بێژ،چونکە زۆر جارلەیەك بەیت دا بە دەنگی بەیت بێژێك ئەم شەرح و تەفسیرەی هەبوو،بەدەنگی هێندێك بەیت بێژی تر نەیبووە.بەتایبەت بەیتە کورتەکان و ئەوبەیتانەی کە لەباری درێژی و کورتیەوە مام ناوەندی بوون،بەم شێوەیە بوون.بەگشتی ئاوا دەتوانین پۆلێن بەندیان کەین:

ــــ بەر لەدەست پێ کردنی بەیت بەدەنگی بەیتی لەلایان بەیت بێژەوە،بەیت بێژ بە زمانی ئاسایی هێندێك لە سەر بەیتەکەدەدوا وبیسەری لە ئاکامی بەیتەکە ئاگادار دەکرد.بەتایبەت ئەگەر بەیتەکە درێژ بوایە،لە هەوەڵەوە کورتە باسێك لە سەر قارەمانە سەرەکیەکانی بەیتەکەی دەکرد وپاشان بەیت بێژ بەدەنگی تایبەتی بەیت،درێژەی بەبەیتەکە دەدا،ئەم شێوازە بەتایبەت لە بەیتە درێژە کان دا تا ئاخری بەیت هەر تیکرار دەبۆە،بۆنمونە بەیتی لاس وخەزاڵ کە بەیتیەکی درێژە، بەقسەدەس پێ دەکا. بەیتەکانی سەعیدومیرسێوەدین و...لەم چەشنەن.بەڵام هەروەك ئاماژەی پێکرا ئەم شەرح و تەفسیرانە بەسترابوونەوە بە بیر و بۆچونی بەیت بێژ،بەیتەکانی سەیدەوان(بەدەنگی قادر قادر پوور)21،خەج و سیامەند(بەدەنگی محەممەد خەلیل شاي)22،مەم وزین(بەدەنگی مستەفا تەرەغە)23 ، ناسر و ماڵمال(بەدەنگی مستەفا تەرەغە) 24لەم جۆرە بەیتانەن

ــــ بەیتەکە هەر لە هەوەڵەوە بەدەنگی بەیتی دەستی پێدەکرد،کە ئەوە زۆربەی بەیتە کورتەکان دەگرێتەوە.بەیتی ئازیزە (بەدەنگی عەلی کەردار)25و(خلەدرزي)26لەم چەشنەن.

بەگشتيتەئویل لە بەیتەکان دا دەگەڵ هەر دەقێکی تر جیاوازیان هەیە.چونکە تەئویلی بەیت تەنیاوتەنیا بەستراوەتەوە بە سەر بەیت بێژەوە،بەواتایەکی تر بەیتەکان تەنیا بەحزوری بەیت بێژ دەقێکی مانادارن.ئەوە هەمان ئەو روانگە هیرمنوتیکيە کە دەڵێ:مانا شتێکی سەر بەدەقە.بەگشتی پرۆسەی دەق لە بەیتەکان دا لەلایان بەیت و بەیت بێژوبیسەر پێك دێ.

سەرچاوەکان:

1)نقدادبی در قرن بیستم نوشتەی ژان ایو تادیە وەرگێڕ: مهشید نونهالي
2)نەزەریەیی ئەدەبی تری ئیگلتۆن » و.عباس مخبر«
3)نقد ادبی در قرن بیستم ژان ایو تادیه
4)علم هرمنوتیك ریچارد.ا.پالمر »و.محمد سعید حنایی کاشاني«
5)زبور مانوی نوشته سي.ار.سي.البری »و.دکتر ابوالقاسم اسماعیل پور«
6)هرمنوتیك مدرن گزیده جستارها گادامر،نیچه و...»و.بابك احمدی و...«
7)نقد ادبی دکتر سیروس شمیسا
8)خنیاگری ورامشگری در دوران میانه(وتار-عەلی رەزا پلاستید)
9)موسقی در شعر سپید دکترمحمود فلکي
10)نقدادبی دکتر سیروس شمیسا
11)علم هرمنوتیك ریچارد.ا.پالمر»و.محمدسعید حنایی کاشاني«
12)هەمان سەرچاوەی پێشوو
13)فصلنامەی ارغنون شماره 4 هیرمنوتیك نوشته ك.م.نیوتون
14)مبانی زبان شناسی دکتر ابوالحسن نجفي
15)گەنجی سەربەمۆر ئەحمەد بەحري
16)کارنامك-کتاب پژوهش‌های تاریخی وزن شعر در ایران قبل از اسلام(دکترایرج وامقي)
17)گەنجی سەربەمۆر ئەحمەد بەحري
18) گۆڤاری لالش ژمارە 16
19)دیوانی نالی چاپی صلاح‌الدین ایوبي
20)تاپۆوبوومەلێڵ سوارە ئیلخانی زادە
21و22)گەنجی سەربەمۆر ئەحمەد بەحري
23و24) نەوورای کاسێت بە دەنگی مستەفا تەرەغە
25و26) گەنجی سەربەمۆر ئەحمەد بەحري.

پەراوێز:

×-بۆزانیاری زۆرتر بڕوانە کتێبی رەخنەی ئەدەبی لە سەدەی بیستەمدا ژان ئیو تەئدیە

××-گووسان:لەدەوروبەری شاری خوچا-ی چین ئاسەواری شارێکی لەمێژینە دەبینددرێ کە بە خونیاگەر و رامشگەری باش ناوبانگی هەبووە،ئەم شارە کۆنە ناوی گووسەنە بووە کە هێندێك لە توێژەران لە سەر ئەم بڕوایەن کە گووسان لەوەوە وەرگیرابێت.

×××-بۆزانیاری زۆرتر بڕوانە کتێبی زانستی هیرمنوتیك لە نوسینی ریچاڕد

Rojhalat